# وشيار مستەفا قادر

لە 1967/1/10 لە شەقلاوە لە دايك بووە خوێندنی سەرەتايی و ناوەندی و ئامادەيی لە شەقلاوە تەواو کردووە ئێستا لە شەقلاوە مامۆستايە

يەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی يانەی رۆشنبيری شەقلاوە ماوەيەکی درێژە شعر ئەنووسێ بەلاّم بلاّوی نەکردوونەتەوە

لێرەدا چەند شعرێکی کاك وشيار ئەخەمە روو کە لەناو کۆمەڵێ دەستنووسدا هەڵمبژاردن

شعرەکانی کاك وشيار خاوەن سۆزداری و فێنکايی عەشقێکی پڕ لە خۆزگە و خەونن بە زمانێکی ساکار و روون و ئاشکرا باس لە خەون و خەياڵەکانی خۆی ئەکات

رەنگە تەويفکردنی شعرەکانی کالك وشيار بۆ گۆرانی کارێکی باش و ئاسان بێت چونکە تا رادەيەکی باش بە هەناسەيەك ئەنووسێت کە کێش و قافيەی شعرەکان هاوکارن بۆ ئەوەی بە ئاوازەوە بگووترێنەوە

ديارە وشيار لە شعرەکانيدا نايەوێ رووبچێتە نێو دونيای هزر و فەلسەفە و بە قوڵی باسی چەمك و بابەتەکان بکات بەڵکو زياتر شعرەکانی سەرخانی هەست و سۆزەکانی خۆی نيشان ئەدات واتە خاوەن بنخانێکی هزری نيە تا لەوێوە کاك وشيار بتوانێت لە رێی شعرەکانييەوە دەم لەو بابەتانە بدات کە شعری ئەمرۆ باسيان ئەکات

ديارێشە هەموو شعرەکانی وشيار ئەگەرێنەوە بۆ ساڵانی نۆهەتەکان و وەك ديارێشە لە نۆهەتەکاندا هێشتا بنياتە تەقليدييەکانی شعر لە ئارادا بوون و ئەزموونی زۆرێکيش لە شاعيران هێشتا هەر بەو زمان و بەو تەکنيکە ئەيانووسی کە تارادەيکی زۆر کلاسيك کۆن بوو

هۆشەنگ شێخ محمد